# ئاوڕدانەوەیەک بۆ پێوەندیی نێوان کۆمەڵناسیی و ئەدەب؛ شیکردنەوەیەکی تیۆریی

## بەشی دووەم

### سروشتی گەشەسەندنی کەمەڵناسیی ئەدەب

**کاروان محەممەد عەزیز**
**ماستەر لە کۆمەڵناسیی**
**زانستگەی سۆران**

بەشێوەیەکی گشتیی، کەمەڵناسیی ئەدەب، بەرهەمێکی تەواوکارییە لە پێوەندیی نێوان کۆمەڵگە و ئەدەب. کاری ئەدەبیی لە کات و زەمەنێکی دیارییکراو، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ نۆڕم، بەها، نەریت، ڕەوشت و ئاکارەوە هەیە. بە واتایەکی تر، کاری ئەدەبیی بەشێکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵگە. کۆمەڵناسیی ئەدەب، بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە توێژینەوەکانی تایبەتمەند بن لەسەر دەقە کۆمەڵایەتییەکان و کاری ئەدەبیی جۆاکیی ئامادەکراو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەبوونی ئافەریدەبوونی پانتایەکی تایبەتمەندی ئەدەبیی، کە ئەرکی سەرەکی ڕوونکردنەوە و دەرخستنی پێوەندیی نێوان کاری ئەدەبیی و بونیادی کۆمەڵایەتییی کۆمەڵگەیە، وەرچەرخانێکی گرینگە بۆ توێژینەوەی ئەدەبیی لە دەقە کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و سیاسییەکان لە لایەک، هەروەها پێوەندیی نێوان هونەرمەند، نووسەر

و ئەدیب لەگەڵ کۆمەڵگە ڕووندەکاتەوە لەلایەکی تر. ئەم پانتایە کۆمەڵایەتییە، فاکتەرێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەدەبیی دەربارەی هاوبەشیەتیی نێوان کاری ئەدەبیی و دەقە کۆمەڵایەتیەکان، کە شێوازی نووسین، خوێندنەوە، زانین، جۆری خوێنەر و شێوازی چاپوبڵاوکردنەوە، پێشکەشکردنی دراماتیکیی و پێگەی کۆمەڵایەتیی نووسەر و خوێنەر لەخۆدەگرێت. ئەم تێچینە ڕۆڵی دەقە ئەدەبییەکان و چاویارەکان (ئەو کەسەی بڕیار دەدات چی لە ماسمیدیا بڵاوبکرێتەوە) لە دروستیی و سەرکەوتنی کارە ئەدەبییەکان دووپاتدەکاتەوە (Shankar, 2007).

کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان، بە بایەخەوە دەڕواننە بەرهەمە ئەدەبییەکان، بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ڕوانگەی نووسەرە جیهانیەکان (Writer's World View)، ڕەخنەگران، نووسەران، دەزگە چاپەمەنیەکان و پەڕتووکخانە گشتییەکان ڕۆڵی گرینگ دەبینن لە سەرکەوتنی کارە ئەدەبییەکان. کۆمەڵناسیی ئەدەب، پێکهێنەری هەموو ئەو ڕوانگە و ئایدیایانەیە، کە ڕۆڵی سەرەکیی دەبینن لەم نێوەندەدا. یاخود کۆمەڵناسیی ئەدەب باوەڕی گشتیەتیی کۆمەڵگەیە. بە مانایەکی تر، هیچ توخم و پێکهێنەرەکانی ئەدەب و ژیانی کۆمەڵایەتیی لە بونیادی کۆمەڵایەتییی کۆمەڵگە جیا ناکاتەوە. زیاتر لەوەش، کۆمەڵناسیی ئەدەب، بنەمایەکی زۆر سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە کاری ئەدەبیی و کۆمەڵگە بەیەکەوە.

کۆمەڵناسیی ئەدەب، لەسەرەتادا نەیتوانی ببێتە بابەت و دامەزراوەیەکی ئەکادیمیی تا ناوەڕاستی سەتەی بیستەم و لە دوای ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵێک ڕەخنەگر، تواناکانی خۆیان تەرخانکرد بۆ گەشەپێدانی لایەنی تیۆریی و میتۆدی کۆمەڵناسیی ئەدەب. هەر لە چوارچێوەی ئەم هەوڵەدا، لە ساڵی ١٩٨٨ لە گۆڤاری (Critical Inquiry)، ژمارە ١٤، تەرخانکرا بۆ بەدامەزراوەییکردن و ئەکادێمییکردنی کۆمەڵناسیی ئەدەب، لە سەروتاری گۆڤارەکەدا، پریسڵ فێرگسۆن وتوویەتی (ئێمە لێرە کۆمەڵناسیی ئەدەب بەکاردەهێنین، بۆ گەڕانەوە بۆ پرۆژەی ڕۆشەنبیریی، کە ڕەسەنایەتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فرە پێکهاتەخوازیی؛ ئەم فرە

پێکهاتەخوازییە، پێی وایە، کە ئەدەب و کۆمەڵگە هەردووکیان پێویستن بۆ شیکردنەوەی یەکتر). ڕەگ و ڕیشەی ئەم ڕۆشنبیرییە پێکهاتەخوازییە بە باشی لە کارەکانی (ڕۆبێرت ئیسکارپێت، لیۆ لوێنسالٚ، لوسیان گۆڵدمان، تێری ئێگلتۆن، جۆن هۆڵ) و کۆمەڵێک بیرمەندی تر دەبینین، کە هاوڵیان داوە بۆ گەشەپێدانی ڕێباز و میتۆدی تایبەت بە کۆمەڵناسیی ئەدەب(Bourdieu and Fergu-son, 1988).

بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان و ئەدەب، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی و کولتووری کۆمەڵگەن، هەردووکیان وەک ئاوێنەی کۆمەڵگەن. ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان و کۆمەڵناسەکان هەردووکیان هاوڕان، کە کارتێکردنە کۆمەڵایەتییەکان زۆر گرینگن و سەرەکین بۆ ڕوونکردنەوەی کارە ئەدەبییەکان. لەم بارەیەوە، تێری ئێگلتۆن دەڵێت: «دوو شێوەی سەرنجڕاکێش لە کۆمەڵناسیی ئەدەب هەن، کە دەتوانێت توێژینەوەیان لەسەر بکرێت: شێوازی یەکەمی شێوە بریتییە لە ڕاستەقینەخواز (Realist)، کە پێیان وایە ئەدەب لە فاکتێکی کۆمەڵایەتیی قووڵ دایە، دواتر بە هۆی دەقە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەخنەی ئاڕاستەکراو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی ئەم فاکتە کۆمەڵایەتیانە لادەدات و تێیاندەپەڕێنێت. دووەم شێوە یان ڕێگە بریتییە لە پراگماتیست (Pragmatist)، پێی وایە، کە ئەدەب لە فاکتێکی شێوەگرتوو دایە، لە ڕێگەی فاکتەری جۆراوجۆر و خوێندنەوەی هەمەجۆری دەقەکان، هەروەها بنچینە سەرەکییەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی خوازراو لە دەقێکی ئەدەبیدا(Eagleton, 2014).

هەرچەندە، پێوەندیی ئەدەب لەگەڵ بوونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە، مێژوویەکی دووری هەیە، کە کۆمەڵناسیی ئەدەب بۆچوونێکی، یان ئامڕازێکی ڕێژەییانەی سەردەمیانەیە، ئەم بۆچوونە لە سەتەی هەژدەوە دەرکەوت. بەڵام، گەڕان بە دوای پێوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی دروست و زانستیی دەستپێکرد، لەگەڵ کارەکانی خاتوو دی ستالێ و هایپۆلێت ئەدۆڵف تایین. لە ئەنجامی ئەمەوە، کۆمەڵناسیی ئەدەب لە ناوەڕاستی

سەتەی بیست، گەشەسەندنێکی هێواشی بەخۆیەوە بینی. لە ساڵی ١٩٥٤ بۆ یەکەمجار کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی ئەمەریکیی کۆنفرانسێکی تایبەتیان ئەنجامدا، دەربارەی کۆمەڵناسیی هونەر (Sociolo-gy of Art). لە هەوڵێکی تر و قۆناغێکی تر، لە ساڵی ١٩٦٨ لە سوید، شەشەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتیی سازکرا لەژێر ناونیشانی هونەر و کۆمەڵگە (Art and Society)، ئەم دوو هەوڵە زانستییە فاکتەرێکی زۆر کاریگەر بوون بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵناسیی ئەدەب. هەردوا بەدوای ئەم هەوڵانە کۆمەڵێک نووسەر و بیرمەندی تر، لە توێژینەوەکانیاندا جەختیان لە بابەتی هونەر، ئەدەب و کۆمەڵگە کردەوە. ئەمانە هەموویان بەڵگەیەکی بەهێزیان نیشانداوە بۆ تێگەیشتن لە گەشەسەندنی کۆمەڵناسیی ئەدەب.
بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە سروشتی گەشەسەندنی کۆمەڵناسیی ئەدەب ڕێکخراوی یونیسکۆ (UNESCO) لە ساڵی ١٩٦٧ ژمارەیەکی تایبەتی لە گۆڤاری نێودەڵەتیی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (International Social Science Journal) بڵاو کردەوە دەربارەی کۆمەڵناسیی داهێنانی ئەدەبیی (Sociology of Liter-ary Creativity)، هەر یەکە لە لوسیان گۆڵدمان، جاکس لینهارد، گینادی پۆسپێلۆڤ و چەندانی تر، جەختیان زیاتر لە وردەکاریی سروشت، مێتۆد و قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵناسیی ئەدەب کرد. پۆسپێلۆڤ ئاماژەی بە پێوەندیی نێوان کۆمەڵناسیی و ئەدەب دەکات، پێی وایە، کۆمەڵناسیی ئەدەب بریتییە لە توێژینەوەیەکی مێژوویی-کۆمەڵایەتیی (Goldman,1967). بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین تێگەیشتنێکی تیۆرییمان هەبێت لە هەمبەر کۆمەڵناسیی ئەدەب، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕا و بۆچوونی بیرمەند و تیۆریستانی ڕابردوو، کە تێڕوانینی تایبەتیان هەیە لەسەر ئەدەب و کۆمەڵگە بە پێی قۆناغە مێژووییەکان.

## جۆناسان هاردەر (١٧٤٤-١٨٠٣)

جۆناسان هـاردەر، ڕەخنەگـر و فەیلەسـووفێکی ئەڵمانییـە، بـە نووسینەکانی لەبارەی فەلسـەفەی مێژوو و کولتوور بەناوبانگە. لـە یەکێک لـە بۆچوونەکانـی بـە نـاوی (-Reflection on the philoso phy of history for mankind)، کە لە ساڵی ١٧٩١ بڵاوبووەتەوە، باسـی نـاڕوونـی ئامانجەکانـی ئەقڵانیـەت و ڕۆشـنبیریی دەکات. پێـی وایە، مرۆڤ مەخلووقێکە بەشـێوەیەکی هاوڕێژەیی لـە نێوان «هێز» و «دەسـتەڵات»، کـە لەئەنجامی کارلێککردنی مرۆڤ لەگـەڵ کۆمەڵگە و ژینگـەوە ژیـان تێدەپەڕێنێت. بڕوای وایە، ژینگـەی کۆمەڵایەتیی و ژینگـەی جوگرافیی، نـەژاد و نەریت، کولتـوور و سیاسـەت بەرپرسـن لـە پێشـکەوتن و گەشەسـەندنی ئـەدەب. نووسـینەکەی هـاردەر ئاڵنگارییەکـە بـۆ بۆچوونـی ئیمانوێـل کانـت، کـە دەڵێـت: جوانیـی تەنیا لـە بڕیاری پاکییـەوە دێت(Barnett, 1970) . بـەڵام هـاردەر پێـی وایـە، بونیـادی کۆمەڵایەتیـی سـەرچاوەی سـەرەکیی ئەدەبـە. کانـت، گرینگیـی زیاتـر بـە بەهـای جوانییـی ئـەدەب دەدات. بـەڵام هـاردەر گرینگی بـە بنەمـا کۆمەڵایەتییەکانـی ئـەدەب دەدات. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە، ئـالان سـوینگوود، پێـی وایـە، کـە هـاردەر هەمـوو بنچینـەی هەمـوو کارێـک پێوەسـت دەکات بـە ژینگـەی جوگرافیـی و کۆمەڵایەتیـی، کـە ئەرکێکـی تایبەتیـی جێبەجـێ دەکات، کـە پێویسـتی بـە هیـچ بڕیارێکـی دیاریکـراو نـاکات، بەڵکـو هەمـوو شـت وەک ئەوەیـە، کـە دەبێـت ببێـت. بـە کورتیـی، هـزری هـاردەر دەربـارەی ئـەدەب بەشـێوەیەکە، کـە پێوەندییەکی نامەبەسـتدار لـە نێوان ئـەدەب، کولتـوور و نـەژاد، نەریـت و دامـەزراوە کۆمەڵایەتییـەکان هەیـە (Swingwood, 1972).

## کاڕل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) و فرێدریک ئەنگڵس (١٨٢٠-١٨٩٥)

لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی بیروڕاکانـی مارکـس و ئەنگڵـس، ڕێبـاز و بۆچوونـی کۆمەڵناسـیی هەنگاوینـا بـۆ مێتۆدێکـی زانسـتیی، بـۆ زیاتـر شـیکردنەوەی ئـەدەب. هایپۆلیـت ئەدۆڵـف تاییـن پێـی وایـە،

ئەدەب دەربڕینێکە تایبەتە بە نەژاد، ژینگەی کۆمەڵایەتیی و کات. بەڵام مارکس و ئەنگڵس، ئەدەب دیاردەیەکی دەرەکییی بونیادی کۆمەڵایەتییی کۆمەڵگەیە. ئەوان زیاتر، جەختیان لە فاکتەرە ئابوورییییەکان و ڕۆڵیان لە ململانێی چینە کۆمەڵایەتیییەکان دەکردەوە. زیاتر لەوەش، باوەڕیان وابوو، بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانرێت لە بنچینەی سروشتیی، ئەرکەکانی هونەر و ئەدەب تێبگەین، بە پشتبەستن بە شیکردنەوەی سیستێمی کۆمەڵایەتیی و بارودۆخە کۆمەڵایەتیییەکان. هونەر و ئەدەب، کە بەشێوەیەکی ورد لێیانکۆڵدراوەتەوە، بەشێکن لە هەست و ئاگایی کۆمەڵایەتیی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیی، کە هۆکارن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی لە ئەدەب و هونەر. لەبەر ئەمە جەیمس بارنێت (James Barnett)، دەڵێت: «لەسەرەتاکانی ١٨٤٥ نووسینەکانی مارکس، وەرچەرخانێکی گرینگ بوون و توانیی تێروانینی زۆر ورد و پوخت، دەربارەی هونەر و کۆمەڵگە بخاتە ڕوو. بە شێوەیەک مارکس پێی وایە، سیستێمی بەرهەمهێنان لە یەک کاتدا هەردوو شێواز و ناوەرۆکی هونەر لە کۆمەڵگەدا دیاریی دەکات، لەسەر بنەمای ئەم شیکردنەوەیە، خۆپێوەستکردنی مارکس بە ململانێی چینەکۆمەڵایەتیییەکان، دەڵێت: «پەسەندکردن و وەرگرتنی هونەر لەلایەن خەڵکەوە، پێوەندیی بە پێگەی کۆمەڵایەتیی و چینە کۆمەڵایەتیییەکانی خەڵکەکەوە هەیە. بۆ نمونە جوتیارێکی ئینگلیز، گۆرانییی فۆلکلۆریی دەگوت و دانسی نەریتیی دەکرد، لە هەمانکاتدا، ئەرستۆکراتییەکی ئینگلیز، ڕقیان لەم جۆرە گۆرانیی و دانسی فۆلکلۆرییییە بوو» .(Barnett, 1970)

مارکس و ئەنگڵس، لەسەر بنەمای ئابووریی و ماددیی، شیکردنەوە بۆ ئەدەب دەکەن. جەختیان لەسەر دیارییکردنی پێوەندیی نێوان لایەنی ماددیی و جوانیی دەکردەوە، لەم نووسینەدا هەدووکیان قسەوباسەکانیان بۆشیکردنەوەی پێوەندییی نێوان ژێریین و سەرخانی ئەدەب تەرخانکردبوو. لە بۆچوونەکانیان لە (The German Ideology) ڕوونیان کردووەتەوە، کە پێوەندیی و مێتۆدە بەرهەمهاتووەکان، کارەکتەری کولتووریی دیاریی دەکەن. مارکس پێی وایە، ژێرخانی ئابووریی بنچینەیە بۆ دیاریکردنی سەرخانی

کۆمەڵایەتیی، یاسایی و سیاسیی لە هەرکاتێکدا، یاخود گۆڕانی کۆمەڵایەتیی و شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان پرۆسەیەکی ئاڵۆزی دوولایەنەی کار و کاردانەوەی ژێریین و سەرخانی کۆمەڵایەتییە. ئەم تێگەیشتنە بە ڕوونی پێشانمان دەدات، گەشەسەندنی ئەدەبیی، ئایینیی، سیاسیی، فەلسەفیی و یاسایی پێوەندیی بە گەشەسەندنی بونیادی ئابوورییەوە هەیە. مارکس و ئەنگڵس لەو باوەڕەدان، کە سەرچاوەی سەرەکیی هونەر، بریتییە لە ژێریین و بونیادی ئابووریی کۆمەڵگە. هەروەها، سروشت و شێوەی بەرهەمهێنانی ئابووریی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ساز دەکەن و مرۆڤ دەخەنە پێوەندیی نێوان چینەکۆمەڵایەتییەکان، کە دواجار ئەم پێوەندییە دەبێتە ئیدیۆلۆژیای کۆمەڵگە. ئەدەب لە هەوڵی جێگیرکردنی ئەم ئیدیۆلۆژیایە دایە (Marks, and Engels, 1948).

مارکس و ئەنگڵس، گرینگیەکی زۆر بە ژێریینی ئابووریی کۆمەڵگە دەدەن، بۆیە دەربارەی ڕێکەوتی نێوان ئابووریی و ئەدەب بۆچوونی خۆیان دەخەنە ڕوو دەڵێن: پێوەندییە بەرهەمهاتووەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ، کە ئەنجامگیریی لایەنی مادیی کۆمەڵگەیە، هەموو دامەزراوە یاسایی، سیاسیی، هونەریی، ئەدەبیی و سەرخانە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی ژێریینی ئابووریی کۆمەڵگەن. لەلایەکی ترەوە، مارکس و ئەنگڵس، کاریگەریی زۆریان داناوە لەسەر ئەدەب و ڕەخنە ئەدەبیەکان. ئەو کارە پڕ بایەخانەی، کە ئەم دوو بیرمەندە لە بواری کۆمەڵناسیی ئەدەب ئەنجامیان داوە:

(ئەدەب و هونەر- Literature and Art) و (ئیدیۆلۆژیای ئەڵمانیی- The German Ideology) و (خێزان پیرۆز- The Holy Family). ئەگەر چی تیۆرییەکی دیاریکراویان نییە دەربارەی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگە و ئەدەب، تەنیا لە نووسینەکانیاندا ئاماژە و باوەڕی دیارییکراو هەن دەربارەی پێوەندیی ئەدەب لەگەڵ کۆمەڵگە. بەڵام کۆمەڵێک نووسەر و بیرمەندی تر، کە لە ژێر کاریگەریەکان و ڕێبازی مارکسیی کاریان دەکرد، هاوڵیاندا بۆ گەشەپێدانی بۆچونەکانی مارکسیی هەندێک لەو بیرمەندانە:(George Plekhanov, George Luckacs, Lucian Goldman, and Terry

Eagleton)، کـە بەشـداریییەکی گەورەیـان هەبـوو لـە گەشـەپێدانی کۆمەڵناسـییی ئـەدەب.

## جۆرج پلێخانۆڤ (١٨٥٦-١٩١٨)

پلێخانـۆڤ، نووسـەر و بیرمەنـدی ڕووسـیی، کاریگـەر بـووە بـە بۆچوونەکانـی مارکس، لەسـەر ڕێبـازی مارکسـیی کاریکـردووە، دامەزرێنـەری بزووتنـەوەی سۆشـیال دیمۆکراتـی ڕووسـیایە. باوەڕی وایـە، کـە ئـەدەب ئاماژەیەکـە بـۆ پێوەندییـی نێـوان ئامڕازەکانـی بەرهەمهێنـان و خاوەنداریەتیـی. لـە سـاڵی ١٩١٢ کتێبێکـی بەنـاوی (هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتیی-Art and Social Life)، بڵاو کردەوە، پێـی وایـە، ئـەدەب ڕەنگدانـەوەی ژیانـی کۆمەڵایەتیییـە. هەروەهـا، لـەو باوەڕەدایـە، هونـەر ڕۆڵـی زۆری هەیـە کاتێـک وێنـەی کـردار، ڕەفتـار و هەسـتەکان دەکێشـێت و دەگوازێتـەوە، دواجـار ئەمانـە گرینگـن بـۆ بونیـادی کۆمەڵایەتییی کۆمەڵگـە. ئەدەب لای پلێخانـۆڤ، ڕەنگدانـەوەی ململانێـی نێـوان چینـە کۆمەڵایەتیییەکانـە، بـە جۆرێـک، کـە دەڵێـت: «مێـژووی کولتووریـی هیـچ نییـە، بـەڵام کاردانـەوەی مێـژوو بـۆ چینـەکان بریتییـە لـە ململانـێ. بـۆ زیاتـر شـیکردنەوەی تێگـەی پەرچکردنـەوەی مێـژوو، نمونـەی شـانۆگەرییی فەرەنسـیی دەهێنێتـەوە لـە سـەتەی هەژدەهـەم، باسـی تراژێدیـای فەرەنسـیی دەکـرد لـە سـەردەمی لویسـی چواردەهـەم، شـانۆیەکان هەڵقـوڵاوی داخوازییـی چینـی ئەرسـتۆکراتیەکان بـوون، کـە لـە بەرزتریـن چینـە کۆمەڵایەتیییەکانـن. دواتـر، لەگـەڵ دەرکەوتنـی چینـی بـۆرژواز لـە کۆتاییـی سـەتەی هـەژدە، بەشـێک لـە شـانۆیەکان بـە خواسـتی ئـەم چینـە کۆمەڵایەتییـە بـوون (Plekhanov, 1912). پلێخانـۆڤ، جارێکی تر، بۆچوونەکانی مارکس دووپات دەکاتـەوە، کە ئەدەب و هونـەر، بـە تەواویی بەرهـەم و ڕەنگدانـەوەی ململانێـی نێوان چینـە کۆمەڵایەتیییەکانـن.

## پەراوێزەکان:

Barnett, James (1970). “The Sociology of Art. London, Albrecht.
Goldman, Lucian (1967). “The Sociology of Literature: The Status of Problems and Methods. Telo press.
Plekhanov, George (1912). Art and Social Life. London, Lawrence and Wishart.
Shankar, Rao (2007). Sociology: Principles of Sociology with an Introduction to Social Thought. Chand, Co.Lt.
Swingewood, Alan and Diana Laurenson (1972). The Sociology of Literature. London, Mac Gibbon and Kee.
Eagleton, Terry (2014). Ideology. Routledge, London.
Bourdieu, Pierre, and Priscilla Parkhurst Ferguson (1988). Flaubert’s point of view.” Critical Inquiry ,14, (3) 539-562.